
بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی
یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان
YNDK
چاپی یەکەم
2002 کوردستان

# بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی
# یەکێتی نەتەوەیی
# دیموکراتی کوردستان YNDK

پەسەند کراوی کۆنگرەی چوارەمی YNDK
کە لەرۆژانی ١٠ و ٢٠٠٢/٢/١١ لەهەولێر بەسترا

# بەرنامە

# سەرەتا

لەمێژووی دروست بوون و رەوتی گەشەی کۆمەڵگای مـرۆڤ دا هەست و بیری نەتەوەیی یەکێکە لەهێزە کاریگەرو بزوێنەرو رێکخەرەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی‌یەکانی کۆمەڵگا جیاجیاکانی مرۆڤایەتی لەناوخۆیان و لەدەرەوەو بەرامبەر یەکتریشدا.

لەهەمان کات دا نەتەوایەتی فاکتەرێکی گرنگی دروست بوونی ئیمپراتۆریەتە گەورەکانی مێژووە، هەروەك چۆن فاکتەرێکی گرنگی لێکهەڵوەشانەوەی ئەم ئیمپراتۆریەتانەشە لەساتەوەختی هەڵگیرسانی شۆڕشی نەتەوەیی نەتەوە بندەستەکان (لەدژی ئەو بەرژەوەندی‌یانەی نەتەوەی سەردەست کە لەسەر حسابی بەرژەوەندی‌یەکانی نەتەوەی بندەست بەدەست هاتووەو راگیراوە) بۆ سەربەخۆیی نەتەوەیی.

بۆ ئێمەی کوردیش (کوردایەتی) کە بیری نەتەوەیی کوردە بەکاریگەرترین چەکی دەزانین بۆ رووبەڕووبوونەوەی گشت سیاسەتەکانی داگیرکاریی داگیرکەرانی کوردستان و بۆ بەرجەستە کردنی کەسایەتی کوردو دەیکەینە بەردی بناغە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانمان.

# ئامانجه نەتەوەیی و نیشتمانییەکان

کــورد کۆنــترین نەتەوەیــە لەڕۆژهــەڵاتی ناوەڕاســتدا، خــاوەنی خــاک و داب و نــەریت و زمــان و کەلــەپوورو مێژووی تایبــەتی خۆیــەتی، لەســەرەتای ئــەم ســەدەیەوە خاکەکەی بەسەر دەوڵەتە کۆلۆنیالیســتەکانی دراوســێدا بــەزۆرەملێ دابەشــکراوەو لەهــەر چــوار لاوە داگیرکــەران (عێراق، تورکیــا، ئێران، ســوریا) بەهــەموو شــێوازێکی ســەربازیو سیاســیو دەروونــی لەهــەوڵی ســڕینەوەی مۆرکی نەتــەوەییو شێواندنی کەســایەتیو بنــبڕ کردنــی نەتەوەی کوردن و خاکەکەی تەعریب و تەتریك و تەفریس دەکەن و سامانی ئابووریو شارستانیو کلتووری بەتاڵان دەبەن و سەرەتایی ترین مافی مرۆڤی لێ قەدەغە دەکەن.

بۆ گۆڕینی ئەم واقیعە سەپاوە ئێمە خەباتی نەتەوەییو نیشتمانیمان بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە پیادە دەکەین:

## یەکەم: ئامانجه ستراتیژییەکان

بۆ بەدیهێنانی ئامانجه ستراتیژییەکان، پێویستە هەموو وزەیەکی ماددیو مەعنەوی گەلی کوردستان بخرێتە گەڕو بەدیـهێنانی ئـەم ئامانجانـە هەمیشـە لەبــەرچاو بگـیرێو

لەهەموو کاروبارەکانماندا رەنگ بداتەوەو لەسەروو هەموو بەرژەوەندییەکی ترەوە دابنرێ کە بەم جۆرەیە:
أ- سەربەخۆیی‌و یەکگرتنەوەی کوردستان و رزگار کردنی لەهەموو دەسەلاَتێکی داگیرکەر.
ب- دامەزراندنی دەولَەتێکی کوردی یەکگرتوو کە لەبڕیاری سیاسی‌و سیستمی ئابووریدا خاوەنی سەربەخۆیی خۆی بێت.
ج- چەسپاندنی بنەماکانی ئازادی‌و دیموکراتیەت و دادپەروەری‌و سەروەری یاسا.
د- رەخساندنی هەل و مەرج بەشێوەیەکی یەکسان لەبەردەم هاوولاَتیانی کوردستاندا بێ گوێدانە ئینتمای نەتەوەیی‌و مەزهەبی.
هـ- دابین کردنی هەموو مافێکی شەرعی، سیاسی‌و ئیداری‌و رۆشنبیری بۆ نەتەوەکانی تری سەر خاکی کوردستان.
و- خەبات دەکەین بۆ گەڕاندنەوەی خاکی کوردستانی سۆری بندەستی ئەرمێنیاو ئازەربایجان بۆ سەر خاکی کوردستان.

## دووەم: ئامانجە هەنووکەییەکان

ئامانجە هەنووکەییەکانمان هەنگاوێکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیژییەکانمان و بەخۆشکردنی زەمینەش دادەنرێ کە بریتین لە:

أ- چەسپاندنی فیدرالی لەسەر ئەم بنچینانەی خوارەوە:
١-نەتەوەی کورد لەباشووری کوردستاندا بەشێکە لە نەتەوەی کوردی پارچە کراوو نەتەوەی عەرەبیش لەعێراقدا بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب.
٢-پرۆسەی فیدرالی لەشێوەی دوو کۆماری کوردستانیو عێراقیدا جێبەجێ بکرێت و ئارەزوومەندانە هەردوو گەل لەپێناوی دەستەبەر کردنی بەرژەوەندی هاوبەش لەنێوانیاندا بەئیرادەیەکی سەربەخۆ کۆبکاتەوە.
٣-هەردوو گەل بۆیان هەیە لەرێگەی ریفراندۆمی جەماوەری بڕیاری کشانەوە بدەن و مافی دیاری کردنی چارەنووسیشیان پارێزراوبێت.
٤-هەموو مافێکی سیاسیو ئیداریو رۆشنبیری نەتەوەکانی تر لەهەردوو کۆمارەکەدا پارێزراو بێت و لەبەردەم یاسادا هاوولاتیان یەکسان بن.
٥-جیاکردنەوەی دەسەلاتەکانی یاسادانان و راپەراندن و دادوەری لەیەکتری.
ب- ئازاد کردنی ناوچەکانی تری باشووری کوردستان کە لەبندەستی داگیرکەری عێراقیدا ماون.
ج- چەسپاندن و پێڕەو کردنی ئەو بەندانەی کە مافی مرۆڤ دەپارێزن.
د- نەهێشتنی ئەو کۆسپانەی کە رێگرن لەبەردەم مافە سروشتیو مرۆڤایەتییەکانی ئافرەتدا بۆ ئەوەی کەسایەتی کۆمەلایەتی خۆی پێش بخات.

هـ- لـــەچوارچێوەی سیســـتمی فیـــدراڵی لەباشـــووری کوردســتاندا ئــاڵای کوردســتان هــەڵبکرێت و بــەرەسمی بناسرێت.
و- بــەکردەیی کردنـــی دۆزی رەوای کـــورد بـــەدۆزێکی جیهانی.
ز- دیــاریکردنی ســتراتیژێکی یــەکگرتوو لــەنێو باڵـــە سیاسییەکانی کوردستاندا.
ح- نەهێشــتنی ئــەو زاراوانــەی کــە مانــای لکــاندنی کوردســتان بــەوڵاتانی داگیرکــەر دەبەخشــن و قەدەغــە کردنیـان لـە بـەکارهێنانیان لـەنێوان هـەڤاڵان و راهێنـانی تاکەکانی کورد لەسەر بەکار نەهێنانیان.

## سێیەم: ئەرکە بە پەلەکانی ئەمڕۆ

ئەرکــە بەپەلــەکانی ئــەمڕۆمان بریتییـــە لەپاراســتن و پێشخســـتنی دەســـکەوتەکانی راپـــەڕین لەباشـــووری کوردستاندا بەم جۆرە:
أ- چەســـپاندنی پەرلـــەمان و حکومـــەتی باشـــووری کوردستان و نەهێشتنی هۆکارەکانی لاواز بوونی.
ب-هــەوڵدان بــۆ فراوانکردنــی پرۆســـەی دیموکراتـــیزە کردنی حکومەتی باشوور.
ج- دارشــتنی دەســـتورێکی تایبــەت بــە کوردســـتان و خسـتنە رووی بـۆ ئـەوەی گفتوگـۆی جـەماوەری لەســەر بکرێت.

د- دانانی یاسایەکی نویٚ بۆ هەڵبژاردن کە مەرجی ١٪ دەنگەکان بێت بۆ بەشدار بوون لەپەرلەمان.
ﻫ- جێبەجێ کردنی یاسای پارت و کۆمەڵەو رێکخراوو چاپەمەنییەکان.
و- دامەزراندنی سوپایەکی یەکگرتووی کوردستانی کە پێڕەوی خزمەتی سەربازی بەزۆر بکات.
ز- دابین کردن و بەرز کردنەوەی ئاستی بژێوی گەلی کوردستان و بەکارهێنانی داهاتەکانی حکومەتی باشووری کوردستان بۆ ئەم مەبەستە.
ح- دابین کردنی ئاسایش و ئارامی بۆ گەلی کوردستان.
ط- کار کردن بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی سەرتاسەری کە تەواوی باڵە سیاسییەکانی کوردستان تیایدا بەشدار بن.
ی- هەوڵدان بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە نێودەوڵەتییانەی کە هەل و مەرجی تایبەتی باشووری کوردستان لەبەرچاو دەگرن.
ك- هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی سیاسی کوردستانی یەکگرتوو.
ل- بەرەنگار بوونەوەی هەموو هەوڵ و پیلانەکانی رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان بۆ بەعەرەبکردن و بەفارسکردن و بەتورککردن و سڕینەوەی مۆرکی نەتەوەییمان.

## چوارەم: پرەنسیپە نەتەوەییەکان

کێشـەی کـورد بـەهۆی داگـیرکردن و گەمارۆدانییـەوە تووشی ئاڵۆزی بووەو دوژمنانیشی هەموو جۆرە پیلان و نەخشـەیەك بـۆ بەدیـهێنانی ئامانجـە ناڕەواکانیـان دادەڕێـژن، بـۆ دەربـاز کردنـی ئـەم گرفتانـە دەبـێ ئـەم پرەنسـیپانە وەك سـەرتایەکی ئاسایشـی نەتـەوەیی لەبەرچاو بگیرێ:

١-دوژمنی هەر پارچەیەکی کوردستان دوژمنی تەواوی نەتەوەی کوردە.

٢-هـێزی جـەماوەرو پشـت بەسـتن بـەتواناو وزەی کاریگـەرترین چەکـە، کـە لەخـەباتی نەتـەوەییدا بـەکار بهێنرێ.

٣-کوردایەتی ئامانجەو حیزبایەتی هۆکارە.

٤-یەکلایی کردنەوەی کێشە سیاسییەکان لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردسـتان دا لەرێگـەی زەبـروو زەنگـەوە تەنها لەخزمەتی داگیرکەراندایە.

٥-دەسـت هـەڵگرتن لەهـەر بسـتە خـاکێکی کوردسـتان خیانەتێکی نەتەوەییە.

٦-دەبـێ پـەیوەندی حـزب و لایەنـە سیاسـییەکانی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەو دەرەوە بەئاگاداریو لـەرێی حکومـەتی کوردسـتان بێـت، بەشـێوەیەکی

هەرەمەکیو بۆ بەرژەوەندی تەسکی حزبی نەبێت، بەڵکو دەبێت لەبەرژەوەندی باڵای نەتەوەییمان دا بێت.

# ئامانجە ئابوورییەکان

سەرەڕای ئەوەی داگیرکەران هەموو سامانێکی ئابووری کوردستان تالاّن دەکەن و لەهەموو پرۆژەیەکی پیشەسازیو ئاوەدانیو گەشە کردنیش بێ بەشیان کردووەو هەوڵیان داوە هەموو بنەما ئابورییەکانی بپووکێننەوەو سیاسەتی تێکدانی دێهاتەکان و سوتماك کردنیان پیادە کردووە، بۆیە خەبات دەکەین لەپێناوی:

١-ئاوەدانکردنەوەی دێهاتەکانی کوردستان و پەرەپێدانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری.

٢-بەگەڕ خستنەوەی کارگە لەکار کەوتووەکان و دابینکردنی پارچەی یەدەگ و کەرەستەی خاوو پسپۆری تایبەت بۆیان.

٣-چارەسەر کردنێکی ریشەیی بۆ کێشەی کشتوکاڵ و زەویو ئاودێری.

٤-پێشخستنی کشتوکاڵ و هێنانی پێویستییە تەکنیکییەکان و نیشاندانی رێو شوێنە زانستییەکان بەجوتیاران لەم بوارەدا.

٥-بەکارهێنانی سەرچاوەکانی وزەو گەیاندنی تەزووی کارەبا بۆ هەموو شارو دێیەکی کوردستان.
٦-دەرهێنانی کەرەستەی خاو بەشێوەیەکی رێك و پێك و بەپێی بەرنامەو بۆ بەکارهێنانی ناوخۆو ناردنیشی بۆ دەرەوە.
٧-دانانی یاساکانی گومرگ و کۆکردنەوەی داهاتەکانی گومرگ لەخەزێنەی حکومەتی باشووردا.
٨-هاندان و بایەخدان بەکەرتی تایبەت.
٩-دامەزرانەوەو بایەخ پێدانی بانقە بازرگانیو پیشەسازیو کشتوکاڵییەکان.
١٠-گرنگی دان بەگەشت و گوزار.
١١-بەپیشەسازی کردنی کوردستان.

# ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان

١-بیناکردنەوەی کەسایەتی کورد لەسەر بناغەی بڕوا بەخۆبوون.
٢-پاککردنەوەی هەموو شوێنەوارێکی داگیرکەران لەکۆمەڵگەی کوردستاندا.
٣-لابردنی هەموو ئەو یاسایانەی کە لەبایەخی ئافرەت کەم دەکەنەوەو هەوڵدان بۆ یەکسانکردنی ئافرەت و پیاو لەماف و ئەرکەکانیاندا.

٤-ڕێــز گرتـــن لەپەیوەندییــە خێزانییــەکان و داب و نەریتـەکانی کۆمەڵگەکـەمان و پێشخسـتن و گونجـاندنی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەم.

٥-زامنکردنـی مافـەکانی کرێکـاران و زەحمەتکێشـان و کاسبکاران و هەموو ئەوانەی کـە داهـاتی سـنووردارییان هەیە.

٦-گرنگـــی دان بەکـــەس و کـــاری شـــەهیدان و ئەنفالکراوەکان و کەم ئەندامان.

٧-گرنگی دان بەباری تەندروستی کۆمەڵ.

٨-بایـــەخدان بـــەچاککردنی گوزەرانـــی خانەنشـــینان (المتقاعدین).

٩-ڕێزگرتـــن لەبنـــەما کۆمەڵایەتییـــەکانی کۆمـــەڵگای کوردستان.

١٠-گرنگی دان بەدابینکردنی ژیان و پێداویستییەکانی منداڵ و لاوانی کوردستان.

١١-نەهێشتنی هەستی دەمارگیری خێڵـەگیو ناوچـەیی لەکایەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردیدا.

١٢-هـــەوڵدان بـــۆ دابینکردنـــی ژیـــان و پێداویســـتی دەرکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی داگیرکەری عێراق و کـارکردن لـەڕێی ڕێکخراوەکـانی UNو مـافی مـرۆڤ بـۆ گەڕاندنەوەیان بۆ سەر زێدی باب و باپیریان.

# ئامانجە پەروەردەیی‌و رۆشنبیرییەکان

١-دانانی پرۆگرامی خوێندن و پەروەردە لەکوردستاندا کە رەنگدانەوەی واقیعی نەتەوەیی کورد بێت و بگونجێ لەگەڵ سروشتی کۆمەڵگەکەماندا.
٢-نووسینەوەی مێژووی کوردستان بەشێوەیەکی بابەتی‌و زانستیانە.
٣-هەوڵدان بۆ پێکهێنانی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی لەرێگەی دەزگاکانی خوێندنی تایبەت و لەقوتابخانەکاندا.
٤-نەهێشتنی نەخوێندەواری‌و بەزۆر فێرکردنی.
٥-بایەخدان و پێشخستنی زانکۆو ئەنستیتۆو کردنەوەیان لەهەموو شارەکانی کوردستاندا.
٦-بایەخدان بەزمان و ئەدەب و هونەری کوردی.
٧-دامەزراندنی دەزگای وەرگێران و وەرگێرانی سامانی رۆشنبیری جیهانی‌و ناساندنی کلتوری نەتەوەییمان بە نەتەوەکانی تری جیهان.
٨-بایەخدان بەبواری وەرزش لەکوردستاندا.
٩-هەوڵدان بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی رۆشنبیری‌و هۆشیاری نەتەوەیی لای جەماوەر.

١٠-بایەخدان بەکۆمەڵەو سەندیکا پیشەیی‌و هونەری‌و ئەدەبی‌و رۆشنبیرییەکانی کوردستان.
١١-بایەخدان بەسیستم و یاساکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی‌و کۆمەڵگای مەدەنی لەبوارەکانی خوێندندا.
١٢-دامەزراندنی دەزگایەکی رۆشنبیری‌و راگەیاندنی نەتەوەیی یەکگرتووی بەرفراوان کە لەناوەوەو دەرەوەی ولاتدا کاریگەر بێت.

# ژینگە

ژینگە لانەی گشت بوونەوەرە بەشەری‌و زیندووەکانە پێویستە لەگشت کارێکی خۆویستانەو سروشتییانە بپارێزرێ، هەر بۆیە (YNDK) تێدەکۆشی لەپێناوی:
١-نەهێشتنی شوێنەوارەکانی شەڕی شۆڤێنیستی لەبازگەو تەڵبەندو مینەکان و..هتد.
٢-دانانی یاسایەك بۆ پاراستنی ژینگەی کوردستان.
٣-وەرزی راوکردن دیاری بکرێت و سنورێك بۆ بڕینەوەو سوتاندنی دارستانەکان دابنرێت، کە لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا تووشی هاتین و بایەخ بەچاندنی درەخت بدرێت.

# دادوەری

١-دامـەزراندنی دەسـەڵاتی دادوەری سـەربەخۆ لەپـەنا هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ کردندا.
٢-سـەربەخۆیی دادگاکـان و دەسـت نەخسـتنە نـاو کاروبارەکانیانەوە.
٣-دروست کردنی دادگا کارگێڕییەکان کە تایبەت دەبێت بـەتێڕوانین و یـەکلایی کردنـەوەی کێشـەو مەسـەلەکانی پەیوەست بەفەرمانبەران و سکاڵا فەرمانگەییەکان.
٤-دارشـتنەوەو دەسـکاری کردنـی یاسـای کاروبـاری کەسێتی (الاحوال الشخصیه).

# کەلەپوور

کوردستان لانکی کۆنترین شارستانیەتە، هەزاران ساڵ بەر لەزایین ئاوەدان بووە، ئەو گەلانەی لەسەری ژیاون بەباب و باپـیرانی گـەلی کوردسـتان دادەنرێـن و شارستانێتییەکەیان بەشێکە لەشارسـتانێتی کوردسـتان کـە هەمیشـە بـەهۆی داگیرکەرانـەوە بـەتاڵان بـراوەو شـێوێنراوەو پشـتگۆی خـراوە ئـەویش بـۆ سـڕینەوەی بنەمایەکی سەرەکی نەتەوەکەمان، بۆیە خەبات دەکـەین بۆ:

١-كۆكردنـــەوەی بەڵگەنامـــەو ئاســـەوارە کۆنـــەکان لەمۆزەخانـــەکانی جیـــهانداو، کۆکردنـــــەوەیان لەمۆزەخانەیەکی نەتەوەییدا.
٢-پاراســتنی بینــاو قــەڵاو شــوێنە کۆنــەکان و بایــەخ پێدانیان.
٣-ڕێگرتــن و ســزادانی ئــەو کەســانەی کــە ئاســەواری کوردستان ئەنفال دەکەن و بازرگانی پێوە دەکەن.
٤-زەمینە خۆشکرن بۆ زاناکان بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتری ئارکیۆلۆژی لەکوردستاندا.

# پێڕەوی ناوخۆ

## بەشی یەکەم
# بنەما گشتییەکان

**مـــادەی یەکـــــەم:** نـاوی ڕێکخـراو (یـەکێتی نەتـەوەیی دیموکراتی کوردستان)، کورتکراوەکەی (YNDK)ە.
**مادەی دووەم:** ئالأی کوردستان ئالأی (YNDK) دەبێت.
**مادەی سێیەم:** ئارمی (YNDK) بریتییە لە (ئەستێرەیەکی چوارلا، ڕۆژێك، نەخشەی کوردستان) لەسەریەك، لەسەر قوماشێکی سپی.
**مادەی چوارەم:** (یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان): ڕێکخراوێکی نەتەوەیی سیاسی جەماوەریو یەکێتییەکی ئارەزوومەندانەیە بۆ تێکۆشەران و نیشتمان پەروەرانی کوردستان، کە هاوبیریو هاوخەباتی لەپێناو سەربەخۆیی کوردستان و یەکێتی خاکەکەیو ئازادی گەلەکەی بەپێی ڕێڕەوێکـــی زانســـتییانەی هاوشـــانی خـــەباتی دیموکراتییانەی سەرچاوە گرتوو لەمافی چارەنووسی گەلان و مافەکانی مرۆڤدا کۆیان دەکاتەوە.

## بەشی دووەم
# بنەماکانی گشتییەکانی ڕێکخستنی (YNDK)

**مادەی پێنجـەم:** بنـەمای ڕێکخستنی ناوەخۆیی (YNDK) لەدەرکردنی سەرجەم بڕیارەکان و دەست نیشانکردنی

چالاکییــه سیاســیو جەماوەرییــەکان و هــی تریــش لەســەرەوە بـۆ خـوارەوە لـەم چەمکـە دیموکراتییانــەی خوارەوە سەرچاوە دەگریٚ:
١–سەرجەم ستافەکانی YNDK لەخوارەوە بۆ سەرەوە بەپێی هەڵبژاردن و بە دەنگدانی نهێنی راستەوخۆ ئەنجام دەدرێت.
٢–هەموو ئەندامێك مافی ئەوەی هەیە چاودێری هێڵی سیاسی گشتی (YNDK) بکات کە لەلایەن کۆنگرەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت، هەروەها لەسەریەتی پارێزگاری لەیەکێتی بیرو سیاسەتی رێکخستن و بڕیارەکانی کۆنگرەو سەرکردایەتی YNDK بکات.
٣–رەخنەو رەخنە لەخۆ گرتن بنچینەی سەرەکییە لەژیانی رێکخستنی YNDK دا.
٤–هەموو بڕیارەکان بەزۆرینەی دەنگ وەردەگیرێن و کەمینەش دەبێ جیٚبەجێیان بکات.
***مادەی شەشەم:-***
YNDK چالاکییە سیاسیو جەماوەرییەکانی خۆی بەپێی ئەم بەرنامەیەی خوارەوە کە لەم بنەمایانە پێکهاتووە ئەنجام دەدات:
١–پەرەپێدان و پێشخستنی تێکۆشانی گەلی کوردستان و ئەو دەسکەوتانەی کە گەلی کوردستان لەباشووردا بەدەستی هێناون.
٢–چەسپاندنی بنەما دیموکراتییەکان و رێزگرتنی ئازادییە سیاسیو رێکخراوەییو گشتییەکان و بنەماکانی

مــــافی مــــرۆڤ کــــه لەراگـــەیاندن و بەڵگەنامــــە نێودەوڵەتییەکاندا بڕیاری لەسەر دراوە.
٣-بەدەسـت هێنـانی ئامانجـەکانی YNDK بـە ئـامرازە ئاشتیخوازیو دیموکراتییەکان بۆ دەسـەڵات وەرگرتـن بـێ پەنا بردنە بەر توندو تیژیو تۆقاندن و تەفرەدان.

## بەشی سێیەم

# ئەندامێتی

**مـــادەی حەوتـــــەم:** مەرجـەکانی ئـەندامێتی؛ هــەموو هاوولاتییەکی کوردستان بۆی هەیە لە (YNDK)دا ببێتە ئەندام بەمەرجێ:
١-تەمەنی لە (١٦)ساڵ تێپەڕ بووبێ.
٢-باوەڕی بەبەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی (YNDK) هەبێت.
٣-ئابوونەی دیاریکراو بدات.
٤-لەیـەکێ لەسـتافەکانی YNDK دا چـالاکی سیاسـی ئەنجام بدات.
٥-ماوەی پاڵێوراویەتی بۆ ئەندامێتی کە (٤) مانگە تەواو کردبێت.
٦-هیچ پەیوەندییـەکی بـەدەزگاکانی دژ بەگـەل و دەزگـا کۆلۆنیالیستەکان یا هەر لایەکی دیکە نەبێت.
**مادەی هەشتەم:** ئەرکەکانی ئەندام:
١-تێکۆشـان لەپێنـاو ئامانجـــەکانی YNDKدا بەهەموو

ئـامرازێکی راسـت و رەواو پابـەند بـوون بەسیاسـەتی گشتیو جیٚبەجیٚ کردنی بڕیارەکانی.
٢-پارێزگـاری کـردن لەنهێنییـەکانی YNDK چ لـەبارەی رێکخستن و چ لەبارەی سیاسییەوە هەروەها پەردە لەڕوو هەڵماڵینی هەموو زانیارییەك و نەشاردنەوەی لە YNDK.
٣-پابەند بوون بەبنەماو بنچینەکانی رێکخستن.
٤-پێشخسـتنی ئاسـتی فکـریو رێکخسـتن و رۆشـنبیری لـەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی YNDK و ئاسـانکردنی جیٚبەجیٚ کردنیاندا.
٥-دەبیٚ رەخنەو رەخنە لەخۆ گرتن بەگیانێکی بابەتییانە ئەنجام بدات.
٦-پارێزگاری کردن لەیەکێتی ریزەکانی YNDK لەبواری فکریو رێکخستندا.
٧-بەرژەوەندی YNDK لەسەروو هەموو بەرژەوەندییەکی تایبەتدا دابنیٚ.
**مادەی نۆیەم: مافەکانی ئەندام:**
١-بۆ هـەر ئەندامێکی YNDK هەیـە کـە خۆی بـۆ هـەموو ستافەکانی YNDK بپاڵێویٚ.
٢-بەشداری کردن بەپێی شوێنی رێکخستنی لەدارشتنی سیاسەتی YNDK بەپێشکەش کردنی پێشنیارەکانی بۆ ستافەکانی سەروو خۆی.
٣-بەشـداری گفتوگـۆ کـردن لـەناو کۆبوونـەوەکاندا بەئازادییەکی رەها.
٤-چاودێری جیٚبەجیٚ کردنی بڕیارەکانی کۆنگرە.

٥-مافی هەیە رەخنە لەبڕیارە سزا ئامێزەکان بگرێ کە دەرهەقی وەردەگیرێن.
٦-بۆی هەیە هەر کاتێك بیەوێ دەست لەکار بکێشێتەوە، بەمەرجێك بە نووسراو ڕێکخستن ئاگادار بکاتەوە، دوای ئەوەی کە (براوە الژمە)ی خۆی دەکات.

**مادەی دەیەم:** سزاکان:

١-سزاکانی (YNDK) لەم چەند جۆرەدا خۆی دەبینێتەوە:
أ-ئاگادار کردنەوە، ب-سەرزەنشتکردن، ج-راگرتن، د-دەکردن (طرد).
٢-هەر ئەندامێك ئەرکەکانی بەبێ هۆ جێبەجێ نەکرد بەپێی بەندی (أ) سزا دەدرێت و سزاکەی بەپێی چۆنیەتی فەرامۆشکردنی کارەکەی دیاری دەکرێت.
٣-هەر ئەندامێك بڕیارەکانی ڕێکخستنی جێبەجێ نەکرد رووبەڕووی سزای (ئاگادار کردنەوە) دەبێتەوەو لەکاتی دووبارە کردنەوەیدا (سەرزەنشت) دەکرێو، لەکاتی بەردەوامبوونیدا بۆ ماوەیەك ئەندامێتی رادەگیرێو لەلایەن ئەو ستافەی کاری تێدا دەکات بڕیاری لەسەر دەدرێت.
٤-ئەندامی YNDK دووچاری دەکردن دەبێت لەکاتێکدا کە:
أ-پەیوەندی بەدوژمنانی گەلی کوردستان هەبێت.
ب-لەرێکخستنی تردا کار بکات.

ج-ئاشكرا كردنی هەر یەك لەنهێنییەكانی ڕێكخستن بۆ زیان پێگەیاندنی YNDK، لەپێناو بەرژەوەندی خۆیدا.
د-ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندە بڵاو بكاتەوەو هەوڵی جیا بوونەوە بدات لە ریزەكانی YNDK دا.
ه-لەدەست دانی هەر مەرجێك لەمەرجەكانی ئەندامێتی.

## بەشی چوارەم

# دەسەڵاتەكانی YNDK

**مادەی یانزەهەم: كۆنگرە:**

١-كۆنگرە، باڵاترین دەسەڵاتە لە (YNDK)داو هەر سێ ساڵ جارێك لەباری ئاساییدا بەپێی بانگەشەی سەركردایەتی YNDK دەبەسترێ، دەشێ كۆنگرە بەپێی پێداویستی قۆناغ لەلایەن سەركردایەتیو ئەندامانی كۆنگرەی پێشووەوە ببەسترێ.

٢-كۆنگرە پێكدێت لە:

أ-ئەندامانی سەركردایەتی YNDK.

ب-ئەندامانی ستافە ناوەندییەكانی YNDK.

ج-نوێنەرانی هەڵبژێردراو لەرێكخراوو لێژنەی ناوچەو هەرێمەكان بەپێی ئەو رێژەیەی كە كۆمیتەی سەركردایەتی دیاری دەكات.

٣-كاروبارەكانی كۆنگرە لەمانە سەرچاوە دەگرێ:

أ- دانانی بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆو چاككردنەوەیو داڕشتنی ستراتیژی YNDK.

ب- گفتوگـۆ کـردن لەسـەر راپۆرتـی سیاسـیو پەسـەند کردنی.
ج- گفتوگـۆ کـردن و هەڵسـەنگاندنی راپۆرتـەکانی سەرکردایەتیو ستافە ناوەندیو نووسینگە تایبەتمەندەکان.
د- گفتوگۆ کردن لەسەر دارایيو دیاری کردنیو پێکهاتن لەسەری.
هـ- هەڵبژاردنی سکرتێری گشتی.
و- هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی.
ز- بڕیـاردان لەسـەر تێکـەڵ بـوون یـان یـەکگرتن لەگـەڵ حیزبێکی تردا.

**مادەی دوانزەهەم: کۆمیتەی سەرکردایەتی:**

سـەرکردایەتی YNDK لەدەسـەڵاتە هەڵسـووڕێنەرە باڵاکانی (YNDK)ە، بـۆ مـاوەی نێـوان دوو کۆنگـرە لـە سکرتێری گشتیو (٨) هەشت ئەندامی هەمیشەیيو (٢) دوو ئەندامی یەدەگ پێکدێت و ئەم کارانەش جێبەجێ دەکات:

١-ئەو راسپاردەو بڕیارانـەی کـە کۆنگـرە دەری دەکـات جێبـەجێی دەکـات و بەشـێوەیەکی راسـتەوخۆیش لێپرسراوە لەئەنجامدانی.
٢-دیـاری کردنـی هەڵوێسـتی YNDK بـەپێی بنـەمای سیاسی کۆنگرە.
٣-بڕیـار دان لەسـەر هەیکـەلی رێکخسـتنی YNDK و پێگەیاندنی کادیران و پێشخستنیان.

٤-دیاری کردنی پەیماننامەی بەرەیی لەگەڵ حیزبەکاندا بەپێی بڕیارەکانی کۆنگرە.
٥-هەڵبژاردنی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی YNDK.

**مادەی سیانزەهەم:** مەکتەبی سیاسی:

لەدوو ئەندام و سکرتێری گشتی پێکدێت و ئەم کارانە جێبەجێ دەکات:

١-جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆنگرەو کۆمیتەی سەرکردایەتی.
٢-سەرپەرشتی کردن و بەدواداچوونی ڕێکخستن.
٣-ئامادە کردن و پێشکەش کردنی راپۆرتی دەوری بۆ کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی.

**مادەی چواردەهەم:** سکرتێری گشتی:

١-بەرپرسیاری یەکەمی (YNDK)ەو بەرپرسیارە لەچۆنیەتی بەرەو پێشەوە بردنی خەبات و چارەسەر کردنی هەر گرفتێك کە دێتە پێش YNDK.
٢-دوا واژۆ (تصدیق)ی هەر پرۆتۆکۆڵ و ڕێککەوتننامەیەك لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتیشدا بۆ ئەو دەمێنێتەوەو لێی بەرپرسیارە.
٣-هەر لێدوانێکی رەسمی کە بەناوی (YNDK)ەوە بدرێ لەهەر مەسەلەیەکدا راستەوخۆ بۆ ئەو دەمێنێتەوەو لێی بەرپرسیارە.

٤–سەرپەرشتی تەواوی کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسیو کۆمیتەی سەرکردایەتی دەکات.
٥–لەکاتی بەرامبەری دەنگەکاندا سکرتێری گشتی لەهەر لایەك بێت ئەو لایە دەیباتەوە.

**مادەی پانزەهەم:** هەرەمی رێکخستن:

هەرەمی رێکخستنی (YNDK) لەخوارەوە بۆ سەرەوە بەم شێوەیە پێکدێت: (شانە، پۆلْ، رێکخراو، ناوچە، هەرێم، مەکتەبی رێکخستن، کۆمیتەی سەرکردایەتی، مەکتەبی سیاسی، کۆنفرانس، کۆنگرە).

یەکەم: شانە: خانە سەرەکییەکانی رێکخستنی (YNDK)ە لەسەر بنچینەی شوێنی کارو دانیشتن دادەمەزرێ، سنووری کارەکانی لەمانە خۆی دەگرێتەوە:
١–سیاسەتی YNDK بلاْو دەکاتەوەو جەماوەر جۆش دەدات.
٢–رێکخستنی جەماوەرو راوێژکردنیان بەپێی بڕیارەکانی YNDKو ئامانجەکانی YNDKشیان پێ بناسێنێ.
٣–گرنگی دان بەڕای جەماوەرو گیروگرفتەکانیان و گواستنەوەیان بۆ ستافە بالاْکانی YNDKو کار کردن بۆ چارەسەرو ئەنجامدانیان.
٤–بلاْو کردنەوەی ئەدەبیات و بلاْو کراوەکانی YNDK.

٥-كۆبوونــــەوەی هەفتانــــەی خــۆی ئـــەنجام بـــدات و دانیشــتنەکان بــەرز بکاتـــەوەو دارایـــی خــۆی بەلێژنـــە لێپرسراوەکان بگەیەنێت.
٦-گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانەدا بکات کە داوای بوونە ئەندام دەکەن و متمانەیان پیێ بدات و بیان پاڵێویێ.
٧-هـەر ئـەندامێك لەشـانە لێپرسـراوە لەچالاکییـەکانی شانەی خۆی بەهاوکاری کردن لەگەڵ ئەندامانی تردا.
٨-هـــەر شـــانەیەك لــــە (٣-٥) ئـــەندام پێکدێـــت و لێپرسراوێکی دەبێت.
دووەم: پـۆل: لـە (٣-٥) شـانە پێکدێـت و لێپرسـراوێتی دەدرێتـە دەسـت ئـەندامێکی رێکخـراو، بەرپرسیشـە کـە هەفتانە راپۆرت بۆ رێکخراو بەرز بکاتەوە.
سێیەم: رێکخراو: لەهەر گوند یا گەڕەکێك لە (٣) ئەندام و (٢) یـەدەگ پێکدێـت و سەرپەرشـتی (٣-٥) پـۆل داکـات و لێپرسراوێتی دەدرێتە دەست ئەندامێکی ناوچەو بەرپرسیشە کە (١٠) رۆژ جارێك راپۆرت بۆ ناوچە بەرز بکاتەوە.
چوارەم: ناوچـە: لەهـەر ناوچەیـەك یـا شـارۆچکەیەك یـا قەزایەکدا لیژنەیەکی رێکخستن لە (٣) کارگێڕو (٢) ئەندام پێکدێـت، لێپرسـراوێتی دەدرێتـە ئـەندامێکی هــەرێم، چالاکیەکانیشـی لەسـنوری دەسـەڵاتی خۆیـدا ئـەنجام دەدات. لێپرسراویشە بەرامبەر هەرێم و راپۆرتەکانی (١٥) رۆژ جارێك بۆ هەرێم بەرز دەکاتەوە.

پێنجەم: هەرێم: لەسەر ئاستی پارێزگایەك لە (٤) كارگێڕو (٢) ئەندام پێكدێت. (بەڕەچاو كردنی چڕی دانیشتووان و فراوانی ناوچەیەكی جوگرافی پێكدێت).

بەپێی سنووری بەڕێوەبردن دەسەڵاتی باڵای YNDKەوە لێپرسراوە بەرامبەر بەمەكتەبی ناوەندی ڕێكخستن و لێپرسراوێتی هەرێمیش دەدرێتە دەست ئەندامێكی كۆمیتەی سەركردایەتی. ئەمانەش جێبەجێ دەكات:

١-سەركردایەتی كردنی چالاكییەكانی YNDK لەبواری سیاسیو ڕێكخستن و جەماوەری (لەسنووری بەڕێوەبردن و دەسەڵاتی خۆیدا).

٢-چالاكییەكان بەپێی رەچاو كردنی تایبەتمەندی توانای كەسایەتی بەسەر ئەندامانی دابەش دەكرێت.

٣-راپۆرتە دەورییەكانی هەر (٣٠) رۆژ جارێك بۆ مەكتەبی ڕێكخستن بەرز دەكاتەوە.

شەشەم: مەكتەبی ناوەندی ڕێكخستن: دەزگایەكی ناوەندییە بۆ سەرپەرشتی كردنی سەرجەم ڕێكخستنەكان و لەئەندامێكی مەكتەبی سیاسیو سێ ئەندامی كارگێڕ پێكدێت و بەپرسیاریشە بەرامبەر هەموو دەزگاكانی سەرووی خۆی لەهەرەمی ڕێكخستندا.

ئەرك و دەسەڵاتەكانی:


١-سەرپەرشتی هەموو ڕێكخستنەكان دەكات و لێپرسراویشە بەرامبەر تۆكمەییو گەشە كردنی ریزەكانی

رێکخستن و مافی هەر پێشنیارو داواکارییەکی گونجاوی هەیە بۆ ئەم مەبەستە بۆ سەرووی خۆی بەرز بکاتەوە.
٢-بەراگۆڕینـەوە لەگـەڵ ئـەو بەرپرسـی هەرێمـەی کـە کۆمیتەی سەرکردایەتی رایدەسپێرێ بۆی هەیە دەستەی کارگێڕیو ئەندامەکان دابنێ.
٣-مـافی پێشـنیار کردنـی هەیـە، لـەگۆڕینی بەرپرسـی هەرێمەکان بەگفتوگۆ کردن لەگەڵ کۆمیتەی سەرکردایەتیدا.
حەوتەم: کۆنفرانس: لەهەر حاڵەتێکی نائاساییداو لەسەر داوای دوو لەسـەر سـێی (٣/٢)ی ئـەندامانی کۆمیتـەی سـەرکردایەتی دەبەسـترێ، لەئـەندامانی سـەرکردایەتیو ئـەندامانی مەکتەبـە نـاوەندیو ئـەندامانی هـەرێم و جێگیرەکانیان پێکدێت.
کارەکانیشی لەمانە سەرەچاوە دەگرێ:
١-هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسی.
٢-هەڵسـەنگاندنی کـارو خـەباتی مـاوەی رابـردووی YNDK.
٣-چاوخشاندن بەپلانی کار کردن و دانانی پلانی نوێ بۆ کارو خەباتی YNDK.
دەسەڵاتەکانی:
١-بەزۆرینـەی دەنـگ بـۆی هەیـە (٣/٢)ی ئـەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی بگۆڕێ.

٢-لەسەر بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆ چی هەبوو بۆ کۆنگرە ئامادەی دەکات بەڵام تاکۆنگرە بڕیاری لەسەر نادرێت.
هەشـــتەم: YNDK بــۆی هەیـــە نووســـینگەی خـــۆی لـــەدەرەوەی وڵات دا بـــەپێی بڕیـــارێکی کۆمیتـــەی سەرکردایەتی بکاتەوە کە ئەم نووسینگەیەش راستەوخۆ بەرامبەر کۆمیتەی سەرکردایەتی بەرپرسیار دەبێت.

# بەشی پێنجەم
# دارایی

***مادەی شانزەهەم:*** دارایی YNDK پێکدێت لە:
١-ئابوونەی ئەندامان.
٢-داهاتی چاپەمەنیو پڕۆژە جۆراو جۆرەکان.
٣یارمەتی حکومەتی باشوور (هەرێم).
٤-کۆمـــەکی رێکخـــراوو کەســـایەتییە ســـەربەخۆو وڵاتپارێزەکان.
***مـــادەی حەڤدەهـــەم:*** لەحاڵـەتی خـۆ هەڵوەشـاندنەوەی YNDKدا بـەڕەسمی هـەموو پارەو پـول و کـەل و پەلـەکان پێشکەش بە حکومەتی باشوور (هەرێم) دەکرێت.


كوردستان مستقلة حرة موحدة ديمقراطية
المنهاج والنظام الداخلي
للاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني
YNDK
من منشورات مكتب التنظيم المركزي لـ YNDK